# سەفەرێک بەرەو نامۆبوون

هەورامان علی تۆفیق _ ئەڵمانیا
Berzi-san@web.de

ژیان و مرۆڤ و ئەو کاروانە شێتەی کە ڕۆژگارێکی شێواو نامۆمان بۆ دروست دەکەن . کەسایەت لەسەرەتایی چاوهەڵ هێنانی بەڕۆشنایی ئەم دونیایە ئەگەر شێت و وریاو نەزان و زانا و ست و چالاک و بەهەست و بێ هەست بیت ئەو کاروانە ئەوی وەک ڕێبوارێکی کاتی لە هەموو ئانو ساتەکاندا چاوەڕوانی بەکۆتاهاتنی ئەم کاروانەتی .. پرسیاری ئاکامێک وا لەمێشکی خۆیدا وێنەیەکی خەیاڵاوی بۆ دواڕۆژەکانی ئەم ژیانەی کێشاوە .. بەڵام بوون و ڕاستیە نەگۆڕەکانی هەمیشە دژێکی وورد و لەسەرخۆیی ئەم مرۆڤەبوون کە هەندێ جاربێ ئەوەی هەستی پێ بکات و بزانێ دەورانی ئەم ژیانە هەموو وەختێک دژبەخواست و ویستەکانی ئەوە . واتە پێویستیەکانی مرۆڤ و حەزو ئاوات و خواستە ئاشکراو نهێنیەکانی هەمیشە گیانێکی لاوازو بێ دەسەلات بوون لەبەردەم قەدەرو جەوروستەمی ڕۆژگاردا .

لەگەڵ ئەم هەموو نەگونجانانەدا هاوتەریبی نێوان بوون و ڕاستی و مرۆڤ و پەیوەندیە ڕۆحیەکانی بەم ژیانەوە بوونی هەبووە , گرنگ ئەوەیە کەسایەتی مۆرڤەکان هەنگاوی بەئومێد و بەرەو پێشەوەی لەگەڵ ئەو هەنگاوە بەپەلەو خێرایانەی ڕۆژگار , کە لەنێوان شەو ڕۆژەکاندا هەندێ جار جیاوازی ناکەین و ساڵ و مانگ و ڕۆژ و کاتژمێرو چرکەکانیش لێک جوودا ناکەینەوە .. ئەم ئاوێتەبوونە لەژیاندا گومانێک لە ناخی ئەو کەسایەتیەدا دروست دەکات . چونکە تەمەنەکانی ژیان بۆخۆیان چەندین کاروانی شێوەجیاواز دروست دەکەن و داستان و بەسەرهات و ڕوداوی مرۆڤەکان تۆماردەکەن و وەک ڕێبوارێک بۆ کاروانەکانی ڕۆژگار.

کاتێک خۆشەویستی بۆ ژیان و ئەوانەی لەو ژیانەدا دەژین لە هەستی مرۆڤدا سەرهەڵدەدات .. بینینی ئامانجێکی پاشەڕۆژیی یان ئێستەیی بۆ دروست دەبێ و هەوڵ و تەقەلاو کارکردن و ماندوبوون بەمەبستی گەیشتن بەو هیوایە,ئەگەرچی کەسایەتیەکان جیاوازی تەوایان هەیە,بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هیوایەک لە مێشکی ئەو مرۆڤەدا دروست دەبێ و بەم ڕێگایە ژیانێک بەوشێوەیی کە خۆیی دەیبینێ بەدەستی دێنێ یان دروستی دەکات .بەپێچەوانەی هەموو کۆسپ و ئەندێشەو تەگەرەکانەوە,دەبێتە بەرەیەکی پێچەوانەیی بەوەی مرۆڤ دەبێ ملکەچی بوون و ڕاستی بێت و بەبەرنگاربوونەوە و کۆشش تا ئەوەی دەتەوێ بەدەستی بێنیت .. زۆر جار ( واقع ) بوون و ڕاستی هیچ پەیوەندیەکی بەو مرۆڤەوە نیە بەڵام مرۆڤ بۆ خۆیی ئەو واقیعە تاڵە ژەهراویە بۆ ژیانی دروست دەکات و هەنگاوەکانی بەرەو ئاکامێکی وون بوون دەنێ و لە دەرەنجامەکانی دا دەرگایەکی ڕاست و دروست بۆ ئارامی ژیانی نادۆزێتەوە . ئەمەش ئەمڕۆ لەژیانی ئاسایی زۆر لەو کەسایەتیانەدا هەن و بەرچاو دەکەون ..

کاتێک پێنووس و ووشەکان ڕووداوی سەیرو سەمەرەو دڵتەزێنمان بۆ دەگێڕنەوە بەلامانەوە سەیرە ئەو مرۆڤە لەوانەیە نەخۆش بێت یان ئەو کۆمەڵگاو دەوروبەرەی تێدا دەژی ڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەری هەیە و هۆکارێکن بۆ ئەوەی ئەم کەسایەتیە هەمیشە ژیانی لە هەڵەوە بۆ هەڵە بەرێت و دەردێکی پیس و بۆگەناوی نێو ئەم کۆمەڵگایە بێت بەبێ ئەوەی کەسێک هەبێت لەو نەخۆشیە ئاگاداری بکاتەوە یان یاسایەک یان دەزگایەکی تایبەت و زانستی هەبێت لێیبکۆڵێتەوە و هەوڵی چارەسەرکردنی بدات . ڕەنگە ژیانی هەریەکێک لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا ڕووبەڕوی کۆمەڵێک گرفت و چەرمەسەری و کەموکوڕی و ئازو ئەشکەنجە بووبێت . لەو کەسایەتیانەش بەتایبەت لە کۆمەڵگایەکی کوردەواری دا ئافرەت یەکەم زەرەرمەنەدەو لە کەسایەتی پیاو زیاتر تووشی چەوساندنەوە و زوڵم زۆری ئەم کۆمەڵگایەدەبێ و پاشان بە پلەی دووەم منداڵ و دواتر دەتوانین پیاویش دەست نیشان بکەین چونکە لە زۆربەی ئەو زوڵم زۆرانەدا پیاو

که گەنج و پیرو واتە بەشێوەیەکی گشتی توخمی پیاو ئەو کەسایەتیە ترسناکەیە ئەمرۆ دەست درێژی دەکاتە  سەرجەم لایەنەکانی ژیان و بەهەموو شێوەکانیەوە . وەک ووتم ئەو کەسایەتیە نەخۆشانەن کە گرنگە کۆمەڵگا هەمیشە دەست نیشانیان بکات و گرفتەکانیان چارەسەربکرێن ... لەم کۆمەڵگایەیی ئێمەدا زۆر شێواز هەن زۆر جار مرۆڤ بۆ بەدەست هێنانی هیوایەک دابین کردنی ژیانێک بەمسۆگەرکردنی باوەشێکی هێمن ئامان بۆ خۆیی یان خێزان و منداڵەکانی هەنگاوەکان بەم هیوایەوە دەنرێن بەڵام لەئاکام و دەرەنجامەکانی بەکۆتاهاتنی ئەو ژیانەوە هەنگاونانی بەرەو نامۆبوون و وون بوونێکی هەتاهەتایی و ئەوەی کە هەبوو لەدەستی دەدات .. بێ گومان نزیک ترین و بەرچاوترین هەنگاوەکانی مرۆڤی کورد بۆ بەدەست هێنانی ژیانێک کاروانە ڕێگایی هەندەران و ژیانی ئاوارەیی ئەو ژیانەی کە هەموو نامۆبوون و نهێنیەکانی ئەم دونیایە لە تاریکایەکی ترسناکدا خۆیان حەشارداوە وەک دەریایەکی مەنگ و هێمنی خۆحەشارداو بۆ مەرگ و بەکۆتاهاتنی ژیانی ئەو کەسایەتیە . ئەم کاروانە پر مەنیەتیە ترسناکە زۆر لەو ژیانە سادەیەی نێو کۆمەڵگای کوردەواری گرانترو سەخت ترو زیاتر پێویستی بەکۆشش و ماندووبوون و هیلاکی هەیە .. کاتێک وردەکاریەکانی ڕێکخستنی سیستەمی ژیان و چۆنیەتی هەنگاو نان بۆ بەرەوپێشبردنی و دروست وونی کۆسپ و تەگەرەیی چاوەڕوان نەکراو حساب بۆنەکراویش تەمێک دەخەنە نێو ڕوناکیەکانی ژیانەوە و نامۆبوونێک لە دەریایی وون بوونی ساتەکاندا دەخولقێنن ..

سەفەرێک بۆ داڕشتن و چنینەوەی ئەوەی لە ڕۆژی لەدایک بوونمانەوە لێوەی وونین و پێی نامۆین و ئاشنایەتیمان لەگەڵی دا نیە وا بەم ژیانەی هەندەران و ئاوارەیی لەم دونیایەی کە لەگەڵ زۆر خواستە ڕۆحیەکانماندا نەگونجاوە و ئاوێتەبوونی مەحاڵە بەڵام هەوڵ و سەرکێشیەکان بەردەوامن ئەم ئاوێتەبوونە دروست بکەن ... ئاوێتە بوونیش لە کۆمەڵگایەکتدا دوور لەکۆمەڵگای من دوور لەخواست و ویستی من پێچەوانەی داب و نەریت و ئاینی من ئەویش وون بوونێکە لەو وون بوونانەی کە ئاکام هەستیان پێدەکەین .. لێرەدا کەسایەتی یان ئەو سەرفەرە بۆ گۆڕانێک لەو ژیانەی کە هەمیشە لە نەگۆڕاندایە و لەو چوارچێوە ئاسایی و سستەدا بەدرێژایی ڕۆژگار لە برەوێکی لاوازو ست دایە کە دەوروبەرو کۆمەڵگاکانی خۆمان و ئەوانەی کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەرمان هەیە هەمیشە بەشێوە ڕێگارو بابەتی جۆراو جۆر دەرگایی بەرەوپێشەوە چوون و گۆڕانکاریەکانیان لێداخستووین و ئەم کۆمەڵگایەمان لەو کۆمەڵگا لاوازە سستانەیە کە تەنها لایەنە خراپ و دژبە مرۆڤایەتیەکان بەشێوەی خێراو بەپەلە بڵاودەبنەوە و ئەو بابەت و خواسانەی کە لایەنی زانستی و خزمەتگوزاری و پەروەردەی و کۆمەڵایەتین بۆ بەرەو پێشەوە چوونی ئەم کۆمەڵگایە هەموو کات لاوازیان پێوەدیاربووە چوش و خرۆش و ئارەزومەندیان پێوەدیارنەبووە کە هۆکارێکی شێواندنی کۆمەڵگا بەردەوام بوون لەو پەرتەوازیەدا دەمێنێتەوە و کەسایەتی لە وون بوونێکدا چەواشەدەکات  کە نازانێ چی دەوێ و بۆ چی هەوڵ دەدات ..؟ و ئاکامی بەچی دەگات ..؟  کەواتە سەفەرمان سەفەرێکە بەرەو نامۆبوون ....